## له رۆژی جیهانی ژناندا ( ئەسترید لیندگرین) ماڵئاوایی لێدەکرێت.

شـــێرزاد هەیـــنی ـــ سوید
heinisherzad@hotmail.com



نوسەری ئەدەبی منالآنی ناوداری جیهانی " ئەسترید لیندگرین " کە لە ٢٨ی ینایری ٢٠٠٢ و لەتەمەنی ٩٤ ساڵیدا لە ستوکهۆلم کۆچی دوایی کرد. بریارە بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران و گەورە دەستەلآتداران و چەندین رۆژنامەنووسی ولاتانی وەك، یابان و ئەلمانیا و فرنساو ولاتانی تری ئەسکەندنافی لە کەنیسەی گەورەی ستوکهۆلم " ستوور شیرکان " لە رۆژی جیهانی ژنان ماڵئاوایی لێ بکرێت.

ماوەیەکە لە رۆژنامەکانا، هەوال و را وەرگرتن و پرسین لەسەری بەردەوامە، وەك، ئایا ئەو شایستەی خەلاتی نۆبلی ئەدەب بوو، یان نا. . !!؟؟

چۆن پرۆسەی ماڵئاواییەکە بەرێوە دەچێت. . ؟؟!! ئایا شاگوستاڤ و شاژن ئامادە دەبن، یان لە بەرنامەی کاریان کاری تریان هەیە. . !! ئەوە چەندین بابەتی تر.

لە کاتژمێری ٠٠ : ١٣ ی رۆژی هەینی ٨ ی مارتا، تەرمە داپۆشراوەکەی بە گوڵی سوور، بە عارەبانەیەکی رەشی کۆنی سەدەی نۆزدەمی سەرگیراوی تەنیشت کراوە، لە کەنیسەی ( ئودلوف فریدریك ) ەوە بۆ ستوور شیرکان لە " گەملە ستادی " ی ستۆکهۆلم بە کاروانێکی شایستە دەگواسترێتەوە. لەدوای عارەبانەکەدا، ئەسپێکی سپی بە نەرمی دەڕوات، ئەوەش هەر بە یادی ئەو چیرۆکانەیەتی، کەوا ئەسپی سپی دەوری پالەوانی و شایستەی زۆری تێدا بەرجەستەیە. خاوەن ئەسپیەکە، ئانا، کیژێکی تەمەن ٢٢ سالآنە، شارەزا لە پەروەردەی ئەسپ، لە شارۆچکەی ( کاتریناهۆلم ) ەوە بۆ ئەو مەبەستە دێتە پایتەخت و بە رۆژنامەکانی راگەیاند. کەوا ئەو، ئەو رۆژە ئەسپە سپیە هێمن و عاقلەکەی جوان و پاك دەشوات، گوێیەکانی لۆکەی تێدا دەئاخنی، خۆشی بە جلێکی رەشەوەو بە بێ زین لەسەر پشتی سوار دەبێت، لەگەڵ کاروانەکە بە هێمنی و لە دوای عارەبانەکەوە بێ مۆسیقا دەروات. ئەوەش بۆ ئەو شانازییەکی گەورەیە، ئەوەشی ئاشکراکرد، کەوا ئەسپەکەی وریایەو بۆ ئەم بۆنەیەو لەم کاروانەدا زۆر بروای پێیەتی.

دیارە ئەو کاروانە، ئەو بەرێکردن و ماڵئاواییە، لەو نوسەرە گەورەیەی سوید راستۆخۆ لە کەنالەکانی راگەیاندنەوە پەخش دەکرێن. ئەوەی ئارەزووی خەڵکیشە دەیانەوێت، بە زۆری بەشداری ئەم پرۆسەیە بکەن، بەشدارییوونەکەش کراوەیە، بەلآم گومان لەوەدا نییە، کەنیسەکە بەرگەی چەند دەستەیەك دەگرێت و بەس، ئەگەرنا ئامادەبوون بێ وێنە دەبێت.

ئەوەش راگەیاندراوە، کەوا لە رۆژی ئەم پرۆسەیدا دەزگاکانی حکومەت، وەك چۆن بنەماڵەکەی رایانگەیاندووە، هاوکاری زۆر لە هەموو روویێکەوە دەنوێنن. هەروەها دوا ناشتنی لە گۆرستانی شارۆچکەی " ڤیمربی " دەبێ، ئەو شارەی زێدی خۆی و بنەماڵەکەیەتی و زۆر لە چیرۆکەکانیدا ناوی هاتووە.

له بەرنامەی ڕۆژەکەدا، ئەوەی زانراوە، سەرۆك وەزیرانی سوید وتەیەکی کورتی هەیەو چەند کورتە تابلۆی هونەری مۆسیقاو گۆرانیشی تێدایە. هەروەها ئەو ئەکتەرەی سویدیەی هەموو تەمەنی لە نواندنی چیرۆکی زۆر ناودار " پیپی گۆرییە درێژ " ی ئەسترید لیندگرین تەرخانکردووە، ئەویش خاتوو " ئینگیر نیلسۆن " تەمەن ٤٢ ساڵە، بە ڕۆژنامەی ئەکسپریسی ڕۆژانەی ڕاگەیاندووە، کەوا خۆی پەیوەندی بە بنەماڵەکەیان کردووە و وتویەتی حەز دەکەم، لەم بۆنەیەدا وتەیەکی کورتم هەبێت، دیارە ئەوانیش، لەبەر کۆشش و کاری دوورو درێژی ئەو لەو دەقەی ئەودا، ڕەزامەندیان پێی ڕاگەیاندووەو بۆ ماوەی سێ دەقیقە لەو بۆنە جەماوەرییەدا دەئاخڤی.

هەر لەم بۆنەیەدا وتویەتی، ئەوەندە ساڵە من ئەو دەورەم بینیوە و کارم لەم کارە زیندووەی ئەم چیرۆکە گەورەیەی ئەو کردووە، تا ئێستا چیرۆکەکانی " پیپی گۆرییە درێژ " بە تەواوی نەخوێندیتەوە.

ئەوەی شایانی باسە، هەر لەو ڕۆژەی ئەو نوسەرە گەورەیە کۆچی کردووە بەردەوام میدیای سویدی بە چەندین شێوە و بابەت و بەرنامە کار بۆ شکۆو ڕێزی دەکەن. کە لە ڕاستیدا شیاوە و حەقی زۆرتری هەیە.